زنجیر ڕێنمایەکانی دێرین ژمارە ١٤

ڕاستیەتی ڕۆژی خۆشەویستی

valentine



نوسینی:

م. سالار چۆمانی

الحمد لله رب العالمين حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه ..والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين وعلى آله وصحبه وسلم كثيراً:

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەستت دایە باسی بابەتێکی هەنوکەیی و هەستیار دەکات کە وەکو نەخۆشی زۆرێك لە گەنجانی موسڵمان ئەمڕۆ توشی بوینە و بۆتە دەرد و پەتایەك کە بەداخەوە هەموو ساڵێك دووبارە دەبێتەوەو سەر هەڵدەداتەوە لە ڕۆژێکدا کە پێی دەوترێت (عيد الحب) یان ڕۆژی ڤالنتاین ، ڕۆژی خۆشەویستی . بۆیە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکی ورد بدرێت بزانین ئیسلام چەند جەژنی تێدایە ، وە بزانین ئەم دەستەواژەیە مانای چی یەو لە کوێوە سەری هەڵداوە و حوکمی چی یە کە هەندێك موسڵمانان لەم ڕۆژەدا خۆشی تێدا دەگێڕن و دیاری و پیرۆزبایی لەیەکتر دەکەن و نامەی ئاشقایەتی و خۆشەویستی بۆ یەکتری دەنێرن ، ئایە دەبێت کەسی موسڵمان وەکو بەبەغا هەرچی گوێ لێبوو بیلێتەوە؟ وە هەرچی بینی لاسایی بکاتەوە ؟ ئایە شانازی بە دینەکەتەوە ناکەیت! بەشداری کردن لە ڤالنتاین هەموو ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش دەگرێتەوە بۆیە وریابەو بە وردی ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە وە بزانە حەقیقەتی ڤالنتاین چی یە و لە چی یەوە هاتووە ئەگەر تاوەکو ئێستا نەت زانیوە.

ـــ ڕۆژی ڤالنتاین ـــ

ڤالنتاین کە ناونراوە بە ڕۆژی خۆشەویستی جیهانی یەکێکە لە جەژنەکانی ڕۆمانیە بت پەرستەکان ، وە سەبارەت بەم ڕۆژەوە چەندین شتی خوڕافی و ئەفسانەیی گێڕدراوەتەوە لە لایەن ڕۆمانیە بت پەرستەکانەوە وە دوایی گەیشتۆتە خاچ پەرستەکان ، یەکێك لە ئەفسانەکان ئەوەیە کە قەشە ڤالنتاین سەرپێچی لە

فەرمانەکانی ئیمپڕاتۆر (کلوديوس) کرد کە قەدەغەی ژن و پیاوی کردبوو لە زەواجدا قەشە ڤالنتاین ئەم فەرمانە دەشکێنێ و بە دزیەوە کچ و کوڕان لەیەکتری مارە دەکات کاتێك دەگاتەوە لای ئیمپڕاتۆری ڕۆمانیەکان حوکمی کوشتن و لەسێدارەنی بۆ دەردەکات، بۆیە لەو کاتەوە کە لە زیندان بووە پەیوەندیەکی خۆشەویستی دەبەستێت لەگەڵ خزمەتکاری زیندانیەکە کە ئافرەت بووە ، قەشە ڤالنتاین لە ڕۆژی (١٤-٢ فبراير ٢٧٠م) شەوی جەژنی (لوبركيليا) لە سێدارە درا، بەڵام پێش لە سێدارەدانی نامەیەك بۆ خۆشەویستەکەی دەنێرێت تیایدا دەنوسێت (من المخلص فالنتاين) واتە لە دڵسۆز و خۆشەویستەکەتەوە ڤالنتاین ، بەڵام ئەوەی کە وای لە ئیمپڕاتۆری ڕۆمانیەکان کرد کە سورِ بێت لەسەر بڕیارەکەی خۆی ئەوەبوو کە داوای لە قەشە ڤالنتاین کرد واز لە دینی گاورەکان بێنێ و ببێتە بت پەرست بەڵام ئەو بڕیارەکەی ڕەت کردەوەو نزیکەی ٥٤ کەسیشی لەگەڵ خۆی کردە گاور و نەصرانی. ئەمە حەقیقەتی ڕۆژی ڤالنتاینە کە لە چەمکێکی کوفر و بت پەرستیەوە هاتووە ساڵ بە ساڵ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بۆتە چەمکێکی بەناو خۆشەویستی ، چونکە لە ڕاستیدا بریتیە لە لەدەستدان و نەمانی شەرم و حەیاو حیشمەتی ئافرەت و گەنجانی موسڵمان.

ـ ئایە ئیسلام چەند چەژنی تێدایە ـ

هەر چەژن و بۆنەو یادێك کە لەناو هەر ئاینێك بێت پەیوەستە بە لایەنێکی عیبادەت و خوا پەرستی ، ئێمە وەکو موسڵمان کە باس لە ئاینی خۆمان دەکەین بە گوێرەی دەقە شەرعیەکان و فەرموودەکانە . پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها بۆی باسی دوو چەژن کردووین کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ شاری مەدینە بینی خەڵکەکە دوو

ڕۆژیان هەبوو کە یاریان تێدا دەکرد و خۆشیان تێدا دەردەبڕی ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی (إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا يَوْمَ الْأَضْحَى وَيَوْمَ الْفِطْرِ)[1] ،

واتە : خوای گەورە ئەم دوو ڕۆژەی بۆ گۆڕین بەدوو ڕۆژی زۆر لەو دوو ڕۆژە خێرتر و باشتر ئەویش چەژنی ڕەمەزان و قوربانن وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە ئیمامی ئەبو بەکری (يَا أَبَا بَكْرٍ إِنَّ لِكُلِّ قَوْمٍ عِيدًا وَهَذَا عِيدُنَا)[2] ، واتە: فەرمووی بەڕاستی هەموو قەومێك جەژنی تایبەتی خۆی هەیە ئەمەش جەژنی ئێمەیە. ئەم ڕۆژەش جەژنی ڕەمەزان بوو، کەواتە پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جەژنی بۆ دیاری کردووین لە غەیری ئەم دوو جەژنە هیچ شتێکی ترمان نییە بەناوی جەژن وەکو جەژنی سەری ساڵ و جەژنی لە دایك بوون و جەژنی سەری ساڵی کۆچی و جەژنی نەورۆز و جەژنی خۆشەویستی ، وە چەندان ڕۆژی تر کە ئەمڕۆ موسڵمانان دەیکەن بە جەژن و خۆشی و شادی تێدا دەر دەبڕن کە هیچی لە ئیسلامدا جێگەیان نابێتەوە، بە تایبەت جەژنی خۆشەویستی ڤاڵنتاین. کە چەندین شتی تێدایە تەئکید لە حەرام بوون و قەدەغەکردنی دەکات وەکو :

١–گوزارشت لە خۆشەویستی خوای بت پەرستەکان دەکات بەناوی (باسم الالهة الام).

٢ – ئەم یادو جەژنەیە لای ڕۆمانیەکان پەیوەستە بە چەندین شتی ئەفسانەیی کە ناچێتە عەقلی مرۆڤەوە.

٣ – لەم ڕۆژەدا ڕۆمانیەکان قوربانیان دەکرد بۆ خواکانیان کەلە بەرد تاشیبویان و بت بوون. کە بەڕاستی ئەم شتانە سەر دەکێشێ بۆ شرك و کوفر هەر کەسێك لە

---

[1] رواه النسائي .

[2] رواه البخاري ومسلم .

حەقیقەتی ڤاڵنتاین تێگەیشتبێ و بۆی ڕوونکرابێتەوە ، وە خوای گەورە دەفەرمووێت: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَى إِثْمًا عَظِيمًا) النساء ٤٨ واتە: بەڕاستی خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێت کە هاوەڵ شەریك بۆ خوا بڕیار بدات، وە لەوانەش خۆش دەبێت کە شتانێك ئەنجام دەدەن کە لە خوار شرکە بۆئەو کەسەی کە ویستی لێبێت. ئیبن و تەیمیە (ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت) دەفەرمووێت جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکان لەیەکتری پێ جیا دەکرێنەوە، وە دیاریشە کە ئەم جەژنەیە هیچ پێگەیەکی لە شەریعەتی ئیسلامدا نییە، بەڵکو جەژنێك بووە لە سەرەتادا هی ڕۆمانیە بت پەرستەکان بووە پاشان گواستراوەتەوە بۆ لای نەصرانیە بەندە پەرستەکان، ئەی موسڵمان وریابە ئەم ڕۆژە نەکەی بە جەژن و خۆشی تێدا بگێڕیت و گوڵ بە دیاری بۆ هاوڕێکانت بنێریت ، بەتایبەتی ئافرەتان زۆر گرنگی بەم ڕۆژە دەدن و خۆیان تێدا دەگۆڕن و جلی تەسك و تەنك و کورت لەبەر دەکەن گوڵێکیان بەدەستەوەیە لەبەر چاوی باوکیان دەردەچن بۆ قوتابخانە و بازاڕ و ماڵەکان بۆ ئەوەی بیدەن بە هاوڕێ کچەکانیان یان بیدەن بە کوڕان. باوکەکانیشیان لێیان بێ دەنگ دەبن ، زۆر بەداخەوە کە بەم شێوەیە مناڵ پەروەردە بکرێت کە شەرم لە هیچ کەس نەکات وە پشتی کردووە لە دینەکەی خۆی و هیچی لێ نازانێت ، خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آل عمران ٨٥

واته : ئەوەی لە غەیری ڕێبازی ئیسلام پەیڕەو بکات و لەسەری بڕوات لێی وەرناگیرێ و لە ڕۆژی قیامەت لە خەسارەتمەندان دایە و هیچی پێ نییە.

ئەم لاسایی کردنەوەیە بۆ چی ؟؟!!

بەداخەوە موسڵمان ئەمڕۆ گیرۆدەی دەستی دوژمنانی بووەو ئاگاداری خۆشی نییە ، یەکێك لەو شتانە لاسایی کردنەوەیانە لە هەموو شتێکدا کە هەرچی ئەوان بیڵێن و بیکەن ئێمەش وەك ئەوان دەیکەین کە هەر شتێك ئەوان لەبەری بکەن ئێمەش لاساییان دەکەینەوە، ئەمەش ڕاستیەتی فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەردەخات کە فەرموویەتی (لَتَتَّبِعُنّ سَنَنَ الّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ. شِبْراً بِشِبْرٍ، وَذِرَاعاً بِذِرَاعٍ. حَتّىَ لَوْ دَخَلُوا جُحْرِ ضَب لتَبَعْتُمُوهُمْ" قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللّهِ آلْيَهُودُ وَالنّصَارَىَ؟ قَالَ "فَمَنْ؟)[٣] ، واتە: ئێوەی موسڵمانان شوێن ڕێبازی ئوممەتانی پێش خۆتان دەکەون بست بە بست و باڵ بە باڵ ئەگەر بێت و ئەوان بچنە ناو کونی بزن مژەکێکەوە ئێوەش شوێنیان دەکەون هاوەڵان فەرموویان مەبەستت پێ گاور و جولەکەکانە فەرمووی ئەی مەبەستم کێیە ئەگەر ئەوان نەبن. بۆیە دەبێت زۆر وریا بین لە لاسایی کردنەوەی گاور و جولەکەکان وە شوێن ڕێباز و مەنهەجەکەیان نەکەوین. ئێمە هەموو ڕۆژێك بەلایەنی کەمە ١٧ جار دەڵێین (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ) واتە : ئەی پەروەردیگار ڕێگای ڕاستمان نیشان بدە ڕێگای ئەو کەسانەی کە تۆ نیعمەتت بەسەردا ڕشتوون ، وە نەشمان گێڕی بۆ سەر

---

(٣) رواه البخاري ومسلم .

ڕێبازی ئەوانەی کە لێیان تورەی کە (جولەکەکانن) وە نەشمان گێڕی بۆ سەر ڕێبازی ئەوانەی کە ڕێگای ڕاستیان ون کردووە و گومڕان کە (نەصرانیەکانن) . جا کەسێك دوعا بکات کە خوای گەورە نەیگێڕێت لە جولەکەو نەصرانیەکان لەو لاشەوە بچێتە ئاهەنگ و بۆنەکانیانەوە وە لە جەژنەکانیان بەشداری بکات ئەمە دوو شتی لەیەکتر جیاوازن، ئەم خۆ شوبهاندنە بەوانە کارێکی زۆر ترسناکە و هەڕەشەیەکی توندی لەسەرە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی (مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ)[٤] ، واتە: هەر کەسێك خۆی بشوبهێنێت و لاسایی هەر قەومێك بکاتەوە ئەوا ئەو لەوان حیساب دەکرێت. ئەگەر سەیری قورئان بکەین ئەوە خوای گەورە هەڕەشەیەکی زۆر توند لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات و دەفەرمووێ (وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءَهُمْ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ إِنَّكَ إِذًا لَمِنَ الظَّالِمِينَ) البقرة ١٤٥ واتە : ئەی محمد ﷺ ئەگەر تۆ شوێن هەواو ئارەزووەکانی ئەوان بکەوی لە دوای ئەو زانینەی کە بۆت هاتووە کە بریتییە لە وەحی خوای گەورە بەڕاستی تۆ لە ستەم کاران دەبیت. وە هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَالَّذِينَ لا يَشْهَدُونَ الزُّورَ) الفرقان ٧٢ ڕەبیعەی کوڕی ئەنەس دەفەرمووێت: مەبەست لەم ئایەتە کە ئیمانداران ئامادەی نابن جەژنی گاوڕو خاچ پەرستانە، بۆیە دەبێت ئێمەی موسڵمان خۆمان بپارێزین لەهەر شتێك کە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ قەدەغەی کردووە لێمان وە ماڵ و منالێشمان ئاگادار بکەینەوە و بیانپارێزین ئەوەش کە ئەمری خوای گەورەیە کە دەفەرمووێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا

---

(٤) ابو داود وصححه الالبانی .

قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ) التحريم ٦ واته : خۆتان و ماڵ و منالّتان بپارێزن لـه ئاگرێك كه سوتەمەنیەكی بریتییه لـه مرۆڤ و بەرد.

ـ لـه كۆتاییدا ـ

داواكارم لـه هەموو موسڵمانێك كه ڕێگری بكات لـەم تاوانه گەورەیه كه ئەمەش واجبی سەرشانی هەموو لایەكمانه ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ) رواه مسلم واته: هەر یەكێك لـه ئێوه خراپەیەك و تاوانێكی بینی با نەیهێڵێت و لـەناوی ببات ، بۆیه بەر لـه هاتنی (١٤-٢)ی هەموو ساڵێك پێویسته لـەسەر مامۆستایانی ئایینی لـه ڕێگەی مینبەرەكانیانەوه خەڵكی لـێوه ئاگادار بكەنەوه ، وه بەهەمان شێوه مامۆستایانی قوتابخانەو كۆلـێژ و پەیمانگاكان قوتابیان ئاگادار بكەنەوه لـه نادروستیەتی ئەم كاره نەك یارمەتیان بدەن و هانیان بدەن هەروەها لـه ڕاگەیاندنیش دەبێت باسی ڕاستیەتی ئەم ڕۆژه بكرێت و ترسناكیەتی بۆ خەڵك باس بكرێت ، نەك تەنها وەكو هەواڵ خوێندەنەوه تەنها باسیئەوه دەكەن كه ڕۆژی ١٤-٢ بریتییه لـه ڕۆژی خۆشەویستی و گوڵێكی سور بخرێته سەر شاشەی تیڤیەكان. وه لـه هەموو كەسیش لـه پێشتر دەبێت دایك و باوك و برا گەورەكان منالّان و گەنج و لاوەكان ئاگادار بكەنەوه و قەدەغەی ئەم كاره نا شەرعیەیان لێ بكەن.

.... وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين .....

بڵاوكراوه خێریەكانی پەرتوكخانەی دێرین

هەر كەسێك دەیەوێت بەشدار بێت لەو پرۆژه خێریه با پەیوەندی بەم ژمارەیەوه بكات ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠